# پاش هێرشکردنە سەر کوردانی ئێزدیی لەشارەکانی کوردستاندا

**خەیری شەنگاری: ئاواتمان بەخەڵکی سلێمانی بوو، بەڵام سلێمانی لەهەموو شارەکانی تر خراپتر بوو بەرامبەر بە ئێزدییەکان**



## ئا: ستیڤان شەمزینانی

**کوشتنی کچە ئێزدیی (دوعا خەلیل) کاردانەوەی جیاجیای بەدوای خۆیدا هێناوە، ئێزدییەکان خۆیان لەوبارەیەوە راوسەرنجیان هەیە و لەگۆشەنیگای خۆیانەوە بۆ کێشەکە دەڕوانن.**

**حاکم (قاسم) دادوەری لێکۆڵینەوە و کەسایەتی ناسراوی ئێزدیی لەباری کوشتنی دوعاوە وتی: ناوچەی بەعشیقەو بەحزانە ناوچەیەکی تاڕادەیەك جێگیر بوو بۆیە هەموو حیزب و ڕێکخراوەکان هاتنە ئەو ناوچەیەوە، هەڵبەتە لایەنەکانی ئەلقاعیدە و عەرەبی شۆڤێنی نایانەوێ ئەوە هەبێت و ویستیان شەڕی تایفی دروست بکەن. من خۆم دراوسێیەکی ماڵی دوعا بۆی باسکردم، ئەم کچە ساڵێك پێش کوشتنی کەسێك هاتووە بۆ داوای بەڵام بەهۆی ئەوەی گرفتی هەبووە پەشیمان بووەتەوە، بەڵام باوکی ویستوویەتی بیدات بەکوڕی مامی.**

**ئەم کچە لەگەڵ کوڕێك بووە بەناوی (موهەند) هەرچەندە لەگەڵ کەسی تریش دەرچووە، ڕۆژێك پێش کوشتنەکەی باوکی دوعا تەلەفۆن دەکات بۆ کوڕی مامەکەی و پێی دەڵێت ئەگەر دوعا لەگەڵ تۆیە کێشە نییە بەڵام ئەگەر لەگەڵ تۆ نییە شەوێکە نەهاتۆتەوە ئەو وتبووی لەگەڵ من نییە.**

**بەڵامی باوکی (موهەند)تەلەفۆنی بۆ باوکی دوعا کردووە و وتوویەتی کچەکەت لەگەڵ کوڕی منە، بەڵام پێشتر باوکی هەواڵی دابوو بە پۆلیس ئەوانیش هەردووکیانیان گرتبوو، بەڵام ئەفسەرێك دوعای بردوو بۆ ماڵی قەواڵی سلێمان کە رابەرێکی ئاینییە، بەڵام گەنجانی خزمی چوون داوایان کردووە بەسەرپەرشتی سەرۆك عەشیرەتەکەیان (عومەر خزر حەمکۆ)، بەڵام نەیاندابووەوە و تەقەیان لێکردبوون و ئەوانیش تەقەیان کردبووەوە و لەمە خەڵك کۆبووەوە و دوو کەسیش بریندرابوون، بەبڕیاری عومەر حەمکۆ و خاڵی کچە کە لەگەڵ عەرەبێکی تیرۆریست کە دوکانی سیدی هەیە کارەکەکرا، تەنانەت خاڵی وێنەی کوشتنەکەی فرۆشتووە بەو عەرەبە بۆ ئەلقاعیدە.**

**دواتر قاعیدە وێنەکەیان بۆ مەرامی خۆیان بەکارهێناو قورئانیان خستۆتە سەردەستی و جلی حیجابیان بۆ لەبەرکردووە.**

**حاکم قاسم وتیشی: ئەو وێنەیەی کە ڕۆژنامەی ئاوێنە یەکەمجار بڵاویکردەوە ئەندامێکی تیپی میللی هەڵپەڕکێیەو**

گرێبەندی لەگەڵ کۆڕەك تیلیکۆم هەیە بۆ ڕیکلام، بەلأم وادەرکەوت موحاجەبە بێت چونکە جلی میللی لەبەردابوو. حاکم قاسم گلەیی لەسلێمانی کردو وتی: ئێستا بۆمان دەرکەوت قەبارەی ئیسلامییەکان زۆر کاریگەرە و دەسەلأتیشیان لەلایەنی دەسەلأتی شارەکە زیاترە.

وتیشی: بابێین شەقامەکە تێبگەیەنین کە ئێزدییەکان 37 ساڵە ستەمیان لێدەکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا بەشێك بوون لەشۆرشەکانی کورد و ئێستا جارێك دەکوژرێن لەسەرئەوەی کوردن و جارێکی تر دەکوژرێن لەسەر ئەوەی ئێزدین، کاروابرِوات ئەم ئاینزایە لەناو دەچێت، پێشنیار دەکەم ئێوە بێن ببینن کە ئەو خەڵکە لەماوەی 37 ساڵدا چییان لێ بەسەرهاتووە، گوندەکان تەعریب کراون و هەزارەها دۆنم زەویمان داگیرکراوە و خەڵك لەو ناوچانە کاریان نییە، تیرۆریستەکان لەم ڕێیەوە ویستییان مقەست لەپەیوەندیی نێوان کوردانی ئێزدیی و کوردانی تر بدەن، چونکە شەنگار ناوچەیەکی ستراتیژییە، بۆیە دەڵێم مەبەستیان دوعا نییە بەڵکو مەبەستیان لێدانە لە جوگرافیای کوردستان، پاشان وتی: هیوادارم هەمووومان لای خۆمانەوە کاربکەین بۆ تێگەیاندنی خەڵك لەڕووداوەکان چونکە مەسەلەی دوعا مەسەلەیەکی خێزانی و کۆمەلأیەتی و عەشایەرییە و نابێت هەموو ئێزدییەکان بەیەك ئاگر بسووتێنرێن.

لەدواجار دا حاکم قاسم نیگەرانی خۆی لەکوشتنی دوعا نیشاندا و وتی: ئەگەر ئەو تاوانبارانەی دوعایان کوشت بێنە بەردەستی من وەك حاکمێك یەکسەر عیدامیان دەکەم. جەختی لەوەش کردەوە کە دەبێت پەیوەندیی نێوان کوردانی ئێزدیی و کوردانی موسڵمان بەهێز بکرێت و خزمەت بەخواستی تیرۆریستەکان نەکرێت.

خەیری شەنگاری- کەسایەتی ئێزدیی و بەڕێوەبەری گشتی لەوەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی باسی لەستەملێکراویی ئێزدییەکان کردو وتی: ئاینی ئێمە ئاینێکی کوردییە هەر بۆیە نەهامەتی زۆرمان بەسەرهاتووە، کوردی موسڵمان غەدری زۆر لێکردووین، میری کۆرە (3500) ئێزدیی کوشت و دە هەزاریشی بەدیل گرتووە و ئەوانەی نەبوونە موسڵمان کوشتیانن، لەنێوانیاندا (500) ئافرەتی جوان پێشکەش کران بە ئاغاکانی کۆیەو پشدەرو بابانەکان.

ئیبراهیم پاشای بابان بەهاوکاریی عوسمانلی هەزاران هاولأتی کوردی ئێزدیی کوشت، تەنیا لەنێوان سالأنی 1514-1919 و لەسەردەمی دەسەلأتی عوسمانیدا یەك ملیۆن و نیو ئێزدیی کوژراون و زیاتریش لەو ژمارەیە بەزۆرکران بەئیسلام، لەسەردەمی تەیمور لەنگ (350)هەزار خێزان نەك کەس لەئێزدییەکان لەناوبران.

شەنگاری دەربارەی ئاستی خزمەتگوزاریی لەناوچەکانی ئێزدییان وتی: تا ئێستا جگە لەکاری حیزبی یەك کاری خزمەتگوزاریی چییە لەناوچەکانی ئێزدیی نەکراوە، پێنج مانگە خۆراك و سووتەمەنی دابەش نەکراوە، دارو درەختی شەنگار لەهی گۆیژە زیاتر بوو ئێستا بووە بەبیابان چونکە بڕیویانن و لەبری سوتەمەنی بەکاریان هێناون، خەڵك پارەو کاریان نییە، کەس ناتوانێ بێ چەك بچێتە دەرەوە و تەنیا دەتوانن لەچوارچێوەی 60 کم دا هاتوچۆ بکەن.

خەیری شەنگاری دەربارەی کاردانەوە توندوتیژەکان دژی ئێزدییەکان وتی: ئاواتمان بەخەڵکی سلێمانی بوو، کە چووم بۆ شەنگار دیعایەم بۆ سلێمانی کرد کە ئێزدییەکانیان خۆشدەوێ، ئەوەبوو 4-5 هەزار کرێکار هاتن بۆ سلێمانی و هیچ کێشەیەکیان نەبوو تاکاتی کێشەی دوعا.

لەزاخۆ کرێکار و ماڵی ئێزدیی بەرد بارانکران وتمان لەسلێمانی هیچ نابێ، دوایی گەیشتە هەولێرو ئێزدییەکان دەرکران و نەهێڵرا بێنە ناوەوە بۆ شارەکە، بەلأم سلێمانی لەهەموویان خراپتر بوو. نزیکەی 70 حاڵەت لە 2007/4/30 ڕوویدا هەر لە تەهدیدەوە تا جنێودان و تەقەکردن و لێدانیان. چەند کەسێك لەبەردەم هۆتێلێك وەستابوون بەچەقۆوە تا کرێکارێکی ئێزدیی بێتە خوارەوە و بیکوژن.

ئەم حاڵەتە تەنیا خەڵك نەبوو بەڵکو پۆلیس و ئاسایشی تیابوو، سەیارەیەکی پۆلیس بەژمارەی (103) لەباتی وەزعەکە ئارام بکاتەوە، لای مزگەوتی گەورە پەلاماری کرێکارە ئێزدییەکانیدا. ئێستا ئەو کرێکارانە لەسلێمانی ناوێرن بەکوردیی قسەبکەن بەڵکو بەعەرەبی قسە دەکەن.

یان دەڵێن هۆتێل شەنگار دەبێت چۆڵ بکرێت و نەبێتە هۆتێل کە هیچ کێشەیەکی نییە جگە لەوەی کرێکاری ئێزدیی لێیە.

خەیری شەنگاری درێژەی بەقسەکانیداو وتی: لە سلێمانی نزیکەی 3 هەزار کرێکاری ئێزدیی وازیان لەکارەکانیان هێناوە و تا ئێستاش هەر دەڕۆنەوە تەنانەت مەفرەزەکانی مرورو پۆلیس خراپن لەگەڵیاندا، من خۆم دووجار سەیارەکەیان گرتم، وەزعەکە وایلێهاتووە لەسلێمانی کرێکاری ئێزدیی دەچێت بۆ نانەواخانە نانی نادەنێ، دەچێتە چێشتخانە خواردنی پێنافرۆشن.

بۆ نموونە لەنزیك زالگەی کەرکوك لەرۆژی 2007/5/6 دوو مۆنیکا هاتوون لەسێ کرێکاری ئێزدییان داوە کە یەکێکیان ناوی (موشتاق)ە تەنانەت خەریکبووە بەبلۆك بیانکوژن. بەلاَم لەوکاتەدا سەیارەی سەربازەکانی ئەمەریکا هاتبوو ڕایان کردبوو.

لەعەربەت ژن و منداڵ بەدارو بەرد لەکرێکارە ئێزدییەکانیان داوە، لەبەرامبەردا لەسلێمانی و ئەو ناوچانە خەڵك زۆر تەلەفۆنیان کرد بۆئەوەی بارەگاکانی پارتی و یەکێتی بسووتێنن وتمان شتی وامەکەن، لەئۆردوگای (خانە سۆر) تەقەیان لەبارەگای پارتی کردبوو دوو کەسی تیا بریندار بوو لەدواتردا (حەرەس وەتەنی) کە سەر بەپارتین دوو کەسیان دەستگیرکرد کە هیچ دەستێکیان نەبووە لەو کارانەدا، بەلاَم من زۆر هەوڵمدا کاری وانەکەن و تێیانگەیەنم ئەو کارە هەڵەیە.

شەنگاری- بەتوندی ڕەخنەی لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن گرت کە ڕۆڵی خراپیان هەبووە لە گواستنەوەی هەواڵەکان و شێواندنی وێنای واقیعی ئێزدییەکان و وتی: ڕۆڵی ڕاگەیاندنی کوردیی زۆر سلبی بوو، بیری ئیسلامی کاریگەریی خستە سەریان، گرنگیان نەدا بەوەی میر تەحسین و بابەشێخ و ڕۆشنبیرانی ئێزدیی ئیدانەی ئەو کوشتنەیان کرد، من خۆم وتم ئێمە بەو شێوەیە مریشکیش ناکوژین نەك مرۆڤ.

لەبەشی کۆتایی قسەکانیدا (خەیری شەنگاری) وتی: هەڵسوکەوتی خەڵکی موسڵمان کاریگەریی خراپی هەبوو لەسەر سایکۆلۆژیای کوردی ئێزدیی، لەهەڵبژاردنەکانی پێشوودا لیستی کوردیی 105 هەزار دەنگمان هێنا بۆیە ئەگەر کوردی ئێزدیی نەبوایە کورد لەموسڵ دەدۆڕا، ئێستا بزوتنەوەیەکی توندڕەو هەیە بەناوی **(حرکه الیزیدیه من اجل الاصلاح والتقدم)** بە هاوکاریی سوننەکان 22 هەزار دەنگی هێناو ئێستا نوێنەریان لەپەرلەمانە بەلاَم لەسەر لیستی کوردیی یەك ئەندام پەرلەمان ئێزدیی نییە،ئەم بزوتنەوەیە ڕۆڵی خراپی هەیە لە بارودۆخەکەدا بۆیە لەو بڕوایەدا ئەمجارە هەڵبژاردن بکرێت 50٪ کوردی ئێزدیی دەنگ بەلیستی کورد نادەن.

Shamzini79@hotmail.com